**به نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**به نـاوی گەلــەوە**
**ئه نجـومەنی نیشتمانیی کوردســتانی عیـّراق**
**بەیاننـامـەی ژمــارە : ١**
**رۆژی : ٢٠٠٢/٦/١٩**

**" بـەیــاننـامـە "**

پـشت بـە حـوکمی مـاددەی هەشـتـەم لـە یاسـای ژمـارە (٤)ی سـالّی ١٩٩٩ (یاسـای بلاّوکردنەوە لـە رۆژنامـەی رەسمیـدا ــ وەقـایعی کوردسـتان) ، لەبـەر ئـەوەی کـە کلکـەی (العجـز) برگــە (١)ی مــاددەی نۆیــەمی یاســای ژمــارە (٧)ی ســالّی (٢٠٠٢)ی دووەم هەموارکراوی یاسای حزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق هەڵەیەکی چاپی تێکـەوتووە و بەم شێوەیەی خوارەوە بـە هەڵـە چـاپ کـراوە و ، لـە ژمـارە (٣٠)ی رۆژی (٢٠٠٢/٥/٢٨)ی وەقایعی کوردستانیشدا بلاّوکراوەتەوە :

(لەسەر سەرپێچی کردنی حوکمیّ لە حوکمەکانی ئەم یاسایە دوای تێپەڕبوونی شەش مانگ بەســەر دامەزرانـدنی حزبەکــەدا بــەبێ ئــەوەی ئــەو چـالاکییانەی خـۆی بخاتــە کــار کــە دەقەکانیان لە پێڕۆی ناوخۆیـدا هاتووە ....... )

دەقە دروستەکەشی وەك ئەمەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

(لەسەر سەرپێچی کردنی حوکمیّ لە حوکمەکانی ئەم یاسایە یان دوای تێپـەڕبوونی شـەش مانگ بەسەر دامەزراندنی حزبەکەدا بـەبێ ئـەوەی ئـەو چـالاکییانەی خـۆی بخاتـە کـار کـە دەقەکانیان لە پێڕۆی ناوخۆیـدا هاتووە ....... )

لەبەر ئەوە ، بە پێویست زانرا کە ئەو هەڵەیە راست بکرێتەوە .

**د. رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئه نجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عیـّراق**